# The Climate Change Impact on National Security: Case of Iraq

Hoshang Dara Hama Ameen
Department of International Relations and Diplomacy, College of Political Sciences, Salahaddin University – Erbil

*DOI: [https://doi.org/10.31918/twejer.2694GSCP.06](https://doi.org/10.31918/twejer.2694GSCP.06)*

*Published:3/5/2026*

## *Abstract*

*Today, political science focuses on climate change as an important and contemporary topic. The main reason for this, alongside the increasing the impacts of climate change, is the ability of geographical changes to influence the principles of politics, power and the state. National security is one of the issues that is directly affected and threatened by environmental changes in which states cannot be indifferent to it. The most important of these threats are those that affect food security as part of national security. This leads to migration that causes major changes at the domestic level, such as demographic changes and changing the political design of elections and their impact on social security and political stability. In addition, at the international level, is also a threat to the human resources and the national identity of different countries. With regard to Iraq, climate change is a serious threat to the national security of Iraq and it has affected agriculture, economy, food security, social security and political stability of the country - and these impacts are increasing. This study raises the question of how climate change becomes a political issue and is related to national security? As for Iraq, it asks to what extent these environmental changes can affect Iraqi national security? The importance of the paper is that it examines a timely issue while showing the relationship between politics and geography. It suggests that the state must view environmental issues as effective political ones and take into account the impact of environmental changes and political situations. The problem with conducting such research, which is interdisciplinary in nature, is how to obtain results related to political science with data related to geography. Therefore, the study aims to take the issue of climate change out of its classical narrow framework and link it to the daily lives of individuals, communities and the state. Overall, the research is conducted within the field the political sciences. It relies on secondary sources and follows a qualitative method.*

***Keyword**: Climate Change, National Security, Food Security, Stability, Iraq.*

# کاریگەریی گۆڕانی ئاوهەوا لە سەر ئاسایشی نیشتیمانیی وڵاتان: عێراق بە نموونە

**پ. ی. د. هۆشەنگ دارا حمە امین**

بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی،

کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

hoshang.dara@su.edu.krd

**پوختە**

ئەمڕۆکە زانستی سیاسەت سەرنجی زۆری لە سەر پرسی گۆڕانی ئاوهەوا هەیە و وەک بابەتێکی گرنگ و سەردەمییانە کاری لە سەر دەکات. هۆکاری سەرەکیی ئەمە، بە تەنیشت زۆربوونی کاریگەرییە مرۆیی و جیوگرافییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا، توانای گۆڕانە جیوگرافییەکانە لە دانانی کاریگەریی لە سەر بنەماکانی سیاسەت، دەستەڵات و دەوڵەت. ئاسایشی نیشتیمانی، یەکێکە لەو بابەتانەی کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری و هەڕەشەی ڕاستەوخۆی گۆڕانە ژینگەییەکان بە جۆرێک کە دەوڵەتان ناتوانن لە بەرامبەریدا بێهەڵوێست بن. گرنگترینی ئەم هەڕەشانەش ئەوانەن کە کار دەکەنە سەر ئاسایشی خۆراک وەک بەشێک لە ئاسایشی نیشتیمانی. ئەمەش بە دوای خۆیدا کۆچکردن دێنێت کە لە سەر ئاستی ناوخۆیی گۆڕانکاریی گەورەی لێدەکەوێتەوە، وەک گۆڕانی دیموگرافی لە وڵاتە فرەییەکان و گۆڕینی نەخشەی سیاسیی هەڵبژاردنەکان و کاریگەرییان لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی و هاوسەنگیی سیاسیی وڵاتان دەبێت. جیا لەمە، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، پرسی کۆچکردن دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە دیموگرافیا و کاریگەری لە

سەر جیوگرافیای سیاسیی وڵاتان دادەنێت. هەروەها، ئەمە هەڕەشەیە بۆ سەر هێزی مرۆیی وڵاتانی کۆچلێکراو و بۆ سەر ناسنامەی نیشتیمانیی وڵاتانی کۆچبۆکراو. سەبارەت بە عێراق، گۆڕانی ئاوهەوا هەڕەشەیەکی جیدییە لە سەر ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە. ئەم گۆڕانە کاریگەریی لە سەر کشتوکاڵ، ئابووری، ئاسایشی خۆراک، هاوسەنگی و سەقامگیریی سیاسیی وڵات داناوە و تا دێت ئەم کاریگەرییانەش زیاتر دەبن. ئەم توێژینەوەیە، بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو پرسیارە دەوروژێنێت کە چۆن گۆڕانی ئاوهەوا دەبێتە پرسێکی سیاسی و پەیوەست دەبێتەوە بە ئاسایشی نیشتیمانییەوە؟ سەبارەت بە عێراقیش دەپرسێت کە تا چەند ئەم گۆڕانە ژینگەییانە کاریگەرییان لە سەر ئاسایشی نیشتیمانی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی عێراق دەبێت؟ گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە کە لە بابەتێکی گرنگیهاوچەرخ دەکۆڵێتەوە و هاوکات پەیوەندیی هاوچەرخی نێوان سیاسەت و جیوگرافیا نیشان دەدات. ئەوەش دەخاتە ڕوو کە دەوڵەت دەبێت لە پرسە ژینگەییەکان وەک پرسی سیاسیی کاریگەر بڕوانێت و ڕەچاوی کارتێکەریی گۆڕانە ژینگەییەکان و دۆخە سیاسییەکان بکات. گرفتی ئەنجامدانی توێژینەوەی لەم چەشنە، کە سرووشتێکی ئینتەردیسیپلینەریی هەیە، ئەوەیە کە چۆن بتوانرێت بە داتای پەیوەست بە زانستی جیوگرافی، ئەنجامی پەیوست بە زانستی سیاسی بە دەست بهێنرێت. هەر بۆیە توێژینەوەکە ئامانجیەتی بتوانێت لە پرسی گۆڕانی ئاوهەوا لە چوارچێوەی بەرتەسکی کلاسیکیی خۆی بێنێتە دەرەوە و بیبەستێتەوە بە ژیانی ڕۆژانەی تاک و کۆمەڵ و دەوڵەتەوە. بە گشتی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زانستە سیاسییەکاندا ئەنجام دەدرێت. پشت بە سەرچاوە دووەمییەکان دەبەستێت و پەیڕەویی لە میتۆدی چۆنایەتیی دەکات.

**وشە سەرەکییەکان:** گۆڕانی ئاوهەوا، ئاسایشی نیشتیمانی، ئاسایشی خۆراک، سەقامگیری، عێراق.

## ١. پێشەکی و میتۆدۆلۆژی

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی فراوانتر و قووڵتر دەبن. ئێستا دەتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە بە نزیکەیی هیچ شتێک نییە کە نەکەوتبێتە ژێر کاریگەرییەکانی گۆڕانە ژینگەییەکانەوە. شێوازی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ، کە دەرئەنجام و درێژکراوەی ژیانی دوای سەردەمی شۆڕشی پیشەسازییە، بە هۆکاری سەرەکیی گۆڕانکارییەکانی ئاوهەوا دادەنرێت؛ بە جۆرێک کە خودی ئەم شێوازە ژیانەش کەوتووەتەوە ژێر کاریگەرییە ژینگەییەکانەوە. ئەم گۆڕانکارییانە لە هەموو شوێنێک هەستیان پێدەکرێت، بەڵام لەو کۆمەڵگایانەی کە لاوازن و توانای بەرگەگرتنیان کەمترە و خۆیان بە دەست کێشەی دیکەوە گرفتارن، کاریگەرییەکان زیاترن و هەڕەشەکان جیدیترن. عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەبەر گیرۆدەبوونی بە دەست کێشە و گرفتی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆرەوە، کەمتر دەتوانێت خۆی لەگەڵ گۆڕانە ژینگەییەکان بگونجێنێت و ڕووبەڕووی کاریگەری و لێکەوتەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی ببێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەمڕۆکە دەبینرێت دەوڵەت لە چارەسەرکردنی سەرەتایی قەیرانە ژینگەییەکان دەستەوەستانە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووبەرێکی فراوانتر لە زەوییە کشتوکاڵییەکان وشک دەبن و بە جێدەهێڵدرێن. لێکەوتەکانی ئەم قەیرانە ژینگەییە، بە پلەی یەکەم لە سەر کەرتی کشتوکاڵی کە بەرپرسی بەرهەمهێنانی خۆراک و دابینکەری ئاسایشی خۆراکە، بە دیار دەکەوێت. دواتر ئەم کێشانە بۆ کەرتەکانی دیکەش تەشەنە دەکەن. ئەمەش بە زۆری بە هۆی دیاردەی کۆچ بە هۆکاری ژینگەییەوە دەبێت کە کێشەکان بۆ کەرتەکانی کار، نیشتەجێبوون، شارنشینی و خزمەتگوزاری گشتی و پاشانیش بۆ بواری ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسیی وڵات دەگوازرێنەوە.

داتای دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لە سەروو هەموشیانەوە هی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەبارەت بە عێراق، ترسێنەرن. بە گوێرەی داتایەکی ساڵی ٢٠١٩ی نەتەوە

یەکگرتووەکان، عێراق پێنجەم لاوازترین وڵاتی جیهانە لە بەرامبەر گۆڕانەکانی ئاوهەوا. سەرەڕای ئەمەش، چاوەڕێ دەکرێت تا ساڵی ٢٠٥٠ پلەکانی گەرما لەم وڵاتە تا ٢ پلەی سەدی گەرمتر ببن و بارانبارینیش بە ڕێژەی ٩% کەمتر ببێتەوە. هەر لە ئێستاوە، نزیکەی ٩٠%ی هۆرەکانی عێراق وشک بوون. ژمارەی دارخورماکان لە ٣٣ ملیۆنەوە بۆ ٩ ملیۆن لە ساڵی ٢٠٢١ کەمیان کردووە. بڕی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە؛ بە جۆرێک ساڵی ٢٠٣٠ بڕی ئاوی ئەو ڕووبارانە بەراورد بە ساڵەکانی ١٩٨٠ بە ڕێژەی ٥٠% کەم دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە ٩٨%ی ئاوی خواردنەوە و خاوێنی و ئاودێریی لەم ڕووبارانەوە دێت. هاوکات، ٢٥%ی خێزانە عێراقییەکان پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن (بڕوانە: CIVIC, 2022). هەموو ئەم جۆرە داتایانە، سەبارەت بە وشکبوونی کێڵگە کشتوکاڵییەکان، کەمبوونی ئاوی خواردنەوە و خراپبوونی کوالیتییەکەی، بەبیابانبوون و بابەتەکانی دیکەی هاوشێوەی پەیوەست بە عێراق، دڵخۆشکەر و موژدەدەر نین، بەڵکو هەموو ئاماژەی مەترسیدار سەبارەت بە ئێستا و داهاتووی وڵات نیشان دەدەن.

فۆکەسی ئەم توێژینەوەیە لە سەر کاریگەریی گۆڕانەکانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوییە لە سەر ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق. تیایدا ئەو پرسیارە دەوروژێنێت کە چۆن گۆڕانی ئاوهەوا دەبێتە پرسێکی سیاسی و پەیوەست دەبێتەوە بە ئاسایشی نیشتیمانییەوە؟ سەبارەت بە عێراقیش، دەپرسێت کە تا چەند ئەم گۆڕانە ژینگەییانە کاریگەرییان لە سەر ئاسایشی نیشتیمانی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی عێراق دەبێت؟ توێژینەوەکە لە بابەتی ئاسایشی نیشتیمانیدا پرسەکانی ئاسایشی خۆراک بە بنەما وەردەگرێت و لێکەوتەکانی دارمانی ئاسایشی خۆراک لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسیی وڵات تاوتوێ دەکات. لە ڕووی داتاوە، زیاتر پشت بە سەرچاوەی نوێ و داتای پشتڕاستکراوەی ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە دەبەستێت. پاشان بە ڕەچاوکردنی سرووشتی کۆمەڵایەتی

و سیاسیی کۆمەڵگای عێراقی شیکاریان دەکات. بە شێوەیەکی گشتی، توێژینەوەکە لە چوارچێوەی مەیدانی زانستی سیاسەتدا ئەنجام دەدرێت و پەیڕەوی لە میتۆدی چۆنایەتی دەکات.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لە گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی دەکۆڵێتەوە کە بابەتێکی گرنگ و هاوچەرخە و هەروەها وەک هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر دۆخی ئێستای زەوی و مرۆڤایەتی بە دیار کەوتووە. هاوکات توێژینەوەکە پەیوەندیی هاوچەرخی نێوان سیاسەت و جیوگرافیا نیشان دەدات بەوەی کە ئەم دوو بوارە زانستییانە لێکدابڕاو نین، بەڵکو کاریگەرییان لە سەر یەکدی هەیە و تەنانەت گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەویش ئەم بابەتە زیاتر دەسەلمێنێت. هەر بۆیە، ئەوەش دەخاتە ڕوو کە دەوڵەت دەبێت لە پرسە ژینگەییەکان وەک پرسی سیاسیی کاریگەر بڕوانێت و ڕەچاوی کارتێکەریی گۆڕانە ژینگەییەکان و دۆخە سیاسییەکان بکات. گرفتی ئەنجامدانی توێژینەوەی لەم چەشنە، کە سرووشتێکی ئینتەردیسیپلینەریی هەیە، ئەوەیە کە چۆن بتوانرێت بە داتای پەیوەست بە زانستی جیوگرافی، ئەنجامی پەیوست بە زانستی سیاسی بە دەست بهێنرێت. هەر بۆیە توێژینەوەکە ئامانجیەتی پرسی گۆڕانی ئاوهەوا لە چوارچێوەی بەرتەسکی کلاسیکیی خۆی بێنێتە دەرەوە و زیاتر لە جاران بە ژیانی ڕۆژانەی تاک و کۆمەڵ و دەوڵەتەوە گرێی بدات.

## ٢. گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی

### ٢.١. ناساندنەکان

تێگەیشتن لە گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی پێویستیی بە لێکجیاکردنەوەی چەمکەکان و ناسینی هەر یەکە لە چەمکە پەیوەندیدارەکان بە شێوەی جیا و سەربەخۆ هەیە. سەرەتا، سەبارەت بە چەمکی گۆڕانی ئاوهەوا، پێویستە ئاوهەوا لە کەش جیا بکرێتەوە. مەبەست لە کەش (Weather) دۆخی ئەتۆمسفێرە لە شوێنێکی دیارییکراوی ناوچەیی و لە ماوەیەکی کاتیی کەمدا

کە لە چەند خولەکێکەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە چەند کاتژمێر و چەند ڕۆژێک. ئەم دۆخە زیاتر بابەتەکانی باران، بەفر، هەور، با، لافاو و گەردەلوول دەگرێتەوە. سەبارەت بە ئاوهەوا (Climate) مەبەست لێی دۆخێکی فروانترە لە ناوچەیەکی جیوگرافیی فراوانتر، وەک ئاستێکی هەرێمی یان جیهانی لە ماوەیەکی کاتیی درێژخایەنتردا کە بە نزیکەیی بریتییە لە ٣٠ساڵ. ئاوهەوا زیاتر بابەتەکانی وەک پلەی گەرما، شێ، نموونەکانی بارانبارین لە وەرزە جیاوازەکان، گۆڕانکارییەکان لە ساڵ و دەیەکاندا دەگرێتەوە. (NASA, 2023). بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە کەش دۆخی ئەتۆمسفێرە لە ماوەیەکی دیاریکراو و لە شوێنێکی دیاریکراودا؛ بەڵام ئاوهەوا پەیوەستە بە دۆخەکەوە لە کاتێکی درێژخایەن و شوێنێکی جیوگرافیی فراوانتردا. لەمڕووەوە، گۆڕانی کەش، ئەو گۆڕانکارییانەن کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا و لە ناوچەیەکی دیاریکراوی ڕوودەدەن. بەڵام گۆڕانی ئاوهەوا گۆڕانێکی درێژخایەنە لە تێکڕای نموونەکانی کەش، وەک پلەی گەرما و ڕێژەی باران، لە سەر ئاستی ناوچەیی، هەرێمی و جیهانی ڕوودەدەن و کەشی زەوی دیاریی دەکەن.

سەبارەت بە پێناسەکردنی گۆڕانی ئاوهەوا، زانایان و دامەزراوە زانستییەکان پێناسەی جیاوازیان بۆ کردووە. لە تەنیشت ئەمانەشەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی پەیماننامەی تایبەت بە پرسی گۆڕانی ئاوهەوا، ساڵی ١٩٩٢، پێناسەیەکی گشتیگیری پێشکەش کردووە. بە گوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، "گۆڕانی ئاوهەوا واتە گۆڕانێک لە کەش کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چالاکیی مرۆییەوە کە جێگەی پێکهاتە ئەتۆمسفێری جیهانیی دەگرێتەوە و ئەمەش سەرەڕای ئەو گۆڕانانەی کە بەشێوەی سرووشتی لە کەشدا ڕوودەدەن و لە ماوە جیاوازەکاندا لەگەڵ یەکدی بەراورد دەکرێن" (UNFCCC, 1992).

لە پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەردەکەوێت کە لە باسکردنی گۆڕانی ئاوهەوادا دوو هۆکاری سەرەکیی بۆ گۆڕانی ئاوهەوا هەن کە ئەوانیش بریتین لە چالاکییە مرۆییەکان و هۆکارە

سرووشتییەکان. هاوکات، پرسی سەرەکی بریتییە لە چالاکییە مرۆییەکان چونکە هەم کاریگەرییان زیاترە و هەمیش لە ژێر کۆنترۆڵ و دەستەڵاتی ڕێژەیی مرۆڤدان. بۆیە لە پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی ئاوهەواشدا، پێویستە فۆکەسی سەرەکی لە سەر چالاکییە مرۆییەکان بێت کە هەم هۆکاری سەرەکین و هەمیش دەشێت کەمتر بکرێنەوە.

سەبارت بە گەرمبوونی زەوی (Global warming) چەمکێکی جیاواز بەڵام پەیوەندیدارە بە گۆڕانی ئاوهەواوە. هاوکات ناکرێت ئەم دوو چەمکە لە بری یەکتر بەکار ببرێن. مەبەست لە گەرمبوونی زەوی پلەی گەرمیی ڕووی سەرەوەی گۆی زەوییە لە ماوەیەکی کاتیی درێژخایەندا کە بەردەوام، بە دیارییکراویش لە ماوەی شۆڕشی پیشەسازییەوە، ڕوو لە زیادبوونە. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش چالاکییە مرۆییەکان، لە پێش هەمووشیانەوە بەکاربردنی سووتەمەنییە فۆسیلییەکانە کە بووەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی گرینهاوس گازەکان لە ناو ئەتۆمسفێری زەویدا و کاریگەرییەکەشی، وەک تەنکبوونی چینی ئۆزۆن، گەڕاوەتەوە بۆ گۆی زەوی و بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی تێکڕای پلەی گەرمیی ڕووی زەوی. بە گوێرەی مەزەندەکان، لەوەتەی سەردەمی پێش شۆڕشی پیشەسازییەوە و بە هۆی چالاکییەکانی مرۆڤەوە تێکڕای پلەی گەرمای زەوی نزیکەی یەک پلەی سەدی زیاتر بووە. ئێستا ئەم ژمارەیە ڕوو لە زیادبوونی خێراترە بە جۆرێک کە لە هەر دەیەیەکدا زیاتر لە ٠.٢ پلەی سەدی گەرمتر دەبێت، بە جۆرێک بەرزبوونەویە تێکڕای پلەی گەرمای زەوی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا زیاتر لە بەرزبوونەوەی تێکڕای پلەکانی گەرمای زەوی لە ماوەی هەزار ساڵی ڕابردوودا (NASA, 2023).

ئینسیکلۆپیدیای بەریتانی گەرمبوونی زەوی ناساندووە وەک "دیاردەی زیابوونی تێکڕای پلەکانی گەرمیی هەوای نزیک ڕووی زەوی لە ماوەی یەک تا دوو سەدەی ڕابردوودا". باس لەوەش دەکات کە ئەمە هەوڵی زانایانی بوار کەشناسی بووە بەوە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە بە وردی چاودێریی دیاردە جیاوازە کەشیان کردووە (وەک پلەکانی گەرما، ڕێژەی

بارین، زریانەکان) ئەمەشیان پەیوەست بە کاریگەرییەکانی سەر ئاوهەوا (وەک شەپۆلی زەریاکان و پێکهاتەی کیمیایی ئەتۆمسفێر) لێکداوەتەوە. داتاکان ئەوە نیشان دەدەن کە لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازییەوە ئاوهەوای زەوی گۆڕانی زۆر گەورە و خێرای، بەراود بە مێژووی گۆی زەوی، بە خۆوە بینیوە (Britannica, 2023).

## ٢.٢. هۆکارەکان

ئەو هۆکارانەی کە لە گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەویدا بەشدارن زۆر و فرە جۆرن. بەشێوەیەکی گشتی، بە سەر هۆکارە سرووشتی و مرۆڤکردەکاندا دابەش دەبن. سەبارەت بە هۆکارە سرووشتییەکان، مەبەست لێیان ئەو دیاردە سرووشتییانەن کە لە ناو سرووشتدا و بە شێوەیەکی سرووشتی بوونیان هەیە و کاریگەریی لە سەر گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی دادەنێن. بوونی ئەم دیاردانە هاوکاتە لەگەڵ بوونی زەوی و بەشێکن لە سرووشتی زەوی؛ لەوانە: تیشکدانەوەی خۆر، چالاکبوونی گڕکانەکان، گۆڕانی چینەکانی زەوی، گۆڕانی جولەی خولگەکان، شوێنگۆڕکێی جەمسەرەکان، هەورە برووسکە و کەوتنەوەی ئاگر و هەر دیاردەیەکی دیکەی سرووشتی کە کاریگەریی لە سەر ئاوهەوا و پلەی گەرمیی زەوی هەبێت (Earth Home, 2023). گرنگترینی تایبەتمەندیی هۆکارە سرووشتییەکان ئەوەیە کە لەگەڵ بوونی زەویدا هەن و چالاکییەکەیان لە دەرەوەی دەستەڵاتی کۆنترۆلی مرۆڤدایە؛ هەڵبەت ڕێژەی چالاکبوونەکەیان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هۆکارە مرۆییەکانەوە.

کۆمەڵەی دووەم لە هۆکارەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی هۆکارە مرۆڤکردەکانن. مەبەست لێیان ئەو هۆکارانەن کە سەرچاوەکەیان چالاکیی مرۆڤە. ئەم هۆکارانە دیاردەی مرۆیین و لە ئەنجامی چالاکیی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی دێنە ئاراوە. زاناکان و

دامەزراوە زانستییە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پۆلێنکردنی جیاجیایان بۆ ئەم هۆکارانە هەیە (بڕوانە: NRDC, 2023 و UNCA, 2023)؛ بەڵام بە گشتی دەتوانرێت هۆکارە مرۆڤکردەکانی پشت گۆڕانە ژینگەییەکانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی بەم شێوەیە پۆلێن بکرێن:

**یەکەم**: سودوەرگرتن لە وزە فۆسیلییەکانی وەک: نەوت، گاز و خەڵوز کە لە قۆناغی وەبەرهێناندا دەبنە هۆی تێکدانی سرووشتی زەوی لە قۆناغی بەکاربردنیشدا دەبنە هۆی دەردانی گازەکانی وەک دوانە ئۆکسیدی کاربۆن و گازی ئۆکسیدی نایترۆجین. ئەم سودوەرگرتنە بە زۆری لە چوارچێوەی بوارەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و لە کەرتەکانی پیشەسازی و گواستنەوەدا دەبێت. هەڵبەت، لە سەردەمی هاوچەرخدا، کە سەردەمی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و زانیارییە، بە نزیکەیی هەموو کارێک پێویستیی بە وزە هەیە.

**دووەم**: بڕینەوەی دارستانەکان، بە بیابانبوون و بە شارکردن. بڕینەوەی درەختەکان بە مەبەستی دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ، هەروەها بۆ مەبەستی دروستکردنی خانوو و باڵەخانە و ڕاکێشانی جادە و هێڵی ئاسن، هەموو هۆکارن بۆ دروستکردنی کاریگەریی لە سەر گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی. لە بەر ئەم هۆکارانە، دارستانەکان کە بە سییەکانی زەوی دەناسرێن، کەم دەبنەوە، ڕێژەی توانەوەی کاربۆن و لەناوبردنی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە ناو ئەتۆمسفێردا کەمتر دەبێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی، لەبەر بە بیابانبوون و شارکردن گرینهاوس گازەکان زیاتر دەبن.

**سێیەم**: زیادەڕەوی لە خواردن کە پاڵنەرە بۆ بەرهەمهێنانی زیاتری کشتوکاڵی. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە پێناو بەرهەمهێنانی خۆراکی گیایی و گۆشتیدا دارستانی زیاتر ببڕدرێنەوە، ئاو و وزەیەکی زیاتر بەکار ببرێت، ماددە زیانبەخشە پیتێنەرەکانی وەک کوتی

کیمیایی زیاتر بەرهەم بهێندرێت و بەکار ببرێن، هەروەها ئاژەڵەکانیش دەبنە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی بڕێکی زۆر لە گازی میسان کە لە گازە گرینهاوسەکانە.

**چوارەم**: شێوازی ژیانی مۆدێرن: مۆدێلگەرایی و کولتوری بەکاربەرەکی. شێوازی ژیانی هاوچەرخ کە بەرهەمی کاپیتالیزمە، هاندەرێکی بەهێزی بەرهەمهێنان، بەکاربردن و بەفیڕۆدانی زیاتری خۆراک و شتومەکە. لە شێوازی ژیانی هاوچەرخدا، بایەخی باڵا بۆ قازانج و چێژ دانراوە؛ لەم شێوازە ژیانەدا، هەموو شت، تەنانەت هاوسەنگیی سرووشت، دەخرێتە خزمەت قازانجی کارگە و کۆمپانیاکان و چێژی کاتیی بەکاربەرەکانەوە. سەردەمی هاوچەرخ، سەردەمی زۆرترینی بەفیڕۆدانەکانە لە خۆراک، جلوبەرگ، کەلوپەلی جوانکاری، شتومەکی ناوماڵ و پێداویستیی ڕۆژانە کە هەموو ئەمانە پێویستییان بە وزە و بە کەرەستەی خاوە. بە واتایەکی دیکە، مۆدێل و فاشنی خێرا کە بە گوێرەی وەرز دەگۆڕێت و زوو بە سەر دەچێت، خواردنی خێرا کە زیاد لە پێویست و بە زۆری لە دەرەوەی کاتی ئاسایی ژەمەکان دەخورێت، بەکاربردنی پلاستیک بۆ یەکجار کە ئەمڕۆکە بە نزیکەیی هەموو شت، تەنانەت میوەی سرووشتی و ئۆرگانیکیش، لە ناو پلاستیکدایە، هەموویان کاریگەریی لە سەر هاوسەنگیی سرووشت دادەنێن. کەرەستە خاوەکانیان لە ناخی زەوی و سرووشتەوە دەهێندرێنە دەرەوە، بە وزەیەکی زۆر بەرهەم دەهێندرێن و لە ماوەیەکی کاتی کەمیشدا وەک زبڵ و پاشماوەی شینەبووەوەی ناسرووشتی دەگەڕێنرێنەوە بۆ ناو سرووشت( Lammi, et al. 2013; Connell & LeHew, 2020; and Boykoff, et al. 2021).

گرنگترین تایبەتمەندیی هۆکارە مرۆڤکردەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی ئەوەیە کە بەرهەمی بێباکیی و چاوناتێریی مرۆڤن. لەبەر هەستنەکردنی مرۆڤی نوێ و هاوچەرخە بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەوانی دیکە و بەرامبەر بە نەوەکانی داهاتوو، هەروەها لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی خۆپەرەست، خۆی بە خاوەنی کۆی بوونەوەرەکانی دیکە و کۆی

گشتیی سرووشت و بوون دەزانێت و ئەو مافە بە خۆی ڕەوا دەبینێت کە سەرداریێتیی جیهان بکات و لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا پێ بە هاوسەنگیی ژینگەیی سرووشت و زیندەوەراندا بنێت.

### ٢.٣. لێکەوتە و کاریگەرییەکان

کاریگەرییەکانی چالاکییە مرۆییەکان لە سەر گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی فرەجۆرن؛ ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر سرووشت، مرۆڤ و ژینگەی ڕووەک و ئاژەڵان. گرنگترینی تایبەتمەندییەکانی ئەم کاریگەرییانە ئەوەیە کە زنجیرەیین و کاریگەریی چالاکییەکانی مرۆڤ بە تەنیا لە سەر ژینگەی ناوچەیی ناوەستێت، بەڵکو لێکەوتەکانی ژینگەی هەرێمی و جیهانیش دەگرێتەوە و لە ئاست و بازنەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە و دواجاریش بۆ خودی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە، لەبەر زیاد بەکاربردنی وزە، گازە گرینهاوسەکان زیاتر دەبن، گەرمیی زەوی زیاتر دەبێت، بەشێکی زیاتر لە بەفر و سەهۆلی جەمسەرەکان دەتوێتەوە، ئاستی ئاوی دەریاکان بەرزتر دەبێتەوە، ئاو ڕووبەرێکی زیاتر وشکانی دادەپۆشێت، زریان و گەردەلوول درووست دەبێت، زیان بە باڵەخانە و ژێرخانی شارەکان دەکەوێت، ناوچە گەشتیارییە کەناراوییەکان لە برەو دەکەون، کەسانێکی زۆر بێکار دەکەون و بەم شێوەیە کاریگەرییەکان بەردەوام دەبن. بە گوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، گرنگترینی کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا بریتین لە بەرزبوونەوەی زیاتری پلەی گەرمیی ڕووی سەرەوەی گۆی زەوی، هەڵکردنی زریان و گەردەلوولی توندتر، بێبارانی و زیادبوونی وشکەساڵی، هەڵکشانی ئاستی ئاوی دەریاکان، کەمبوونەوەی جۆری زیندەوەری، کەمبوونەوەی خۆراک، زیادبوونی هەڕەشە لە سەر تەندرووستیی مرۆڤ، هەژاری و بە هۆی ئەمانەشەوە دیاردەی کۆچ زیاد دەکات (UNCA, 2023).

سەبارەت بە پۆلێنکردنی لێکەوتە و کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی، دامەزراوەی ژینگەییەکانی سەر بە یەکێتیی ئەورووپا ئەم پۆلێنکردنە پێشنیاز دەکەن (EU, 2023):

**یەکەم**: کاریگەرییە سرووشتییەکان؛ وەک: بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، وشکەساڵی و ئاگرکەوتنەوەی سرووشتی، کەمبوونەوەی ئاوی خاوێن، زیادبوونی لافاو، هەڵکشانی ئاستی ئاوی زەریاکان، کەمبوونەوەی فرەجۆری زیندەوەریی، ڕۆچوونی زەوی، بەبیابانبوون، تێکچوونی ژینگەی دەریایی.

**دووەم**: هەڕەشە کۆمەڵایەتییەکان؛ وەک: هەڕەشەی تەندرووستی وەک مردن، کەمئەندامبوون، بەدخۆراکی و نەخۆشیی دیکە، زیانگەیاندن بە تواناکانی دانیشتوان، زیادبوونی بێکاری و زیانەکانی کەرتە ئابوورییەکان، بەرکەوتنی زیان بە کەرتی پەروەردە و فێرکردن.

**سێیەم**: هەڕەشە ئابوورییەکان؛ وەک: هەڕەشە بۆ سەر باڵەخانە و ڕێگا و ژێرخانی شار و ئاوەدانییەکان، زیانگەیاندن بە کەرتی وزە، هەڕەشەی گەورە بۆ سەر کەرتی کشتوکاڵ و دارستان، زیانگەیاندن بە کەرتی گەشتیاری.

جیا لەمانە، پێویستە ئاماژە بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی لە سەر سەقامگیریی سیاسی و ئاسایشی نیشتیمانیی وڵاتان بکرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی بە گوێرەی پێشبینییەکان، شەپۆلی داهاتووی کۆچ، بە پێچەوانەی شەپۆلەکانی پێشووترەوە کە لەبەر هۆکاری شەڕ و تیرۆر بووە، بە هۆکاری گۆڕانەکانی ئاوهەوا ڕوودەدات. کۆچ، لە سەر ئاستی ناوخۆیی وڵاتان، ئاستی هەرێمی و ئاستی جیهانی، کێشەی گەورەی کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەگەڵ خۆیدا دروووست دەکات. لە سەر ئاستی ناوخۆیی وڵاتان ئەگەری شەڕی ناوخۆیی و لە سەر ئاستی هەرێمی و جیهانیش ئەگەری بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی و کولتووری بەهێز دەکات کە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری و ئاسایشی نیشتیمانی.

## ٢.٤. چارەسەرەکان

سەبارەت بە چارەسەری کێشەکانی پەیوەست بە گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی ڕێگاچارە و پرۆژەی زۆر پێشنیاز کراون. گرنگرینی چارەسەرەکان ئەوانەن کە تیایاندا ڕەچاوی سرووشتی کێشەکە کراوە و لە ناو سەرچاو و هۆکارەکاندا بە دوای چارەسەردا گەڕاون. بە شێوەیەکی گشتی، لە بەر فرە ڕەهەندیی کێشەکە، بەنزیکەیی، هەموو شت دەتوانێت لە چارەسەردا ڕۆڵی هەبێت؛ وەک پەروەردە، یاسای ناوخۆی و نێودەوڵەتی، سیستەمی ئابوری و ئایدیۆلۆژی و حوکمڕانی، ڕژێمی خۆراکی، شێوازی ژیان. هاوکات، پرنسیپی جێگیر و سەرەکیی ئەوەیە کە مادام گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی پرسێکی جیهانییە، بۆیە پێویستیشی بە چارەسەرێکی جیهانی هەیە. لەلایەکی دیکەوە، مادام ئەم پرسە لە سەر هەموو ئاستە ناوچەیی و هەرێمی و جیهانییەکان هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو ئەو ئاستانەش هاوئاهەنگی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە هەبێت. جگە لەمە، خێرایی زیادی گەرمبوونی زەوی و زۆری گۆڕانەکانی پەیوەست بە ئاوهەوا بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئێستا زیاتر بیر لە کەمکردنەوەی ڕێژەی خێرای گەرمبوونی زەوی و ڕووبەڕووبوونەوە و لەگەڵ هەڵکردن، نەک چارەسەری، گۆڕانی ئاوهەوا بکرێتەوە.

دامەزراوەکانی وەک گرینپیسی بەریتانی و ساینتیفیک ئەمریکان، لیستێک چارەسەریان پێشنیاز کردووە، گرنگترینیان بریتین لە (بڕوانە: GreenPeace, 2023 و Scientific American, 2023):

**یەکەم**: سودوەرگرتن لە وزەی خاوێن و نوێبووەوە وەک جێگرەوەیەک بۆ سووتەمەنییە فۆسیلییەکان. هەروەها، سودوەرگرتن لە هۆکارەکانی گواستنەوەی دۆستی ژینگە کە پشت بە وزەی خاوێن دەبەستن.

**دووەم**: سودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای نوێ و دۆستی ژینگە لە کەرتی کشتوکاڵ بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی ئاو، زیادکردنی بەرهەم و کەمکردنەوەی بەکاربردنی ماددە کیمیاییەکانی وەک کوت و قەڵاچۆکەرەکان. هەروەها هاندانی ڕژێمە خۆراکییە زیرەکەکان وەک ڕژێمە گیاییەکان.

**سێیەم**: هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی سرووشت بۆ دۆخی ئاسایی خۆی لە ڕێگەی لەناوبردنی کاربۆن. هەروەها، ڕووبەڕووبوونەوەی بەبیابانبوون، پاراستنی دارستانەکان و زیادکردنی دارستانی نوێ. بەهەمانشێوەش، پارستنی سەرچاوە ئاوییەکان و ژینگەی ئاویی زەریاکان.

**چوارەم**: کەمکردنەوەی مەسرەفگەرایی و بەفیڕۆدانەکان لە پێناو کەمکردنەوەی دەردانی گازە گرینهاوسییەکان. بڵاوکردنەوەی کولتوور و باوەڕەکانی وەک قەناعەت و هەوڵدان بۆ وەرگرتنی زۆرترین سود لە کەمترین شت. کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی پلاستیک و گەڕان بە دوای جێگرەوەکاندا.

جگە لەمانە، پێشنیازی دیکەش هەن، وەک: کۆنترۆڵکردنی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و گرتنەبەری سیاسەتی درووستەوە. هاوکات، لەگەڵ زیادبوونی گۆڕانەکانی ئاوهەوا و گەرمتربوونی زەوی فۆکەس لە سەر لەپێشینەبوونی جۆری چارەسەرێک دەگۆڕدرێت بۆ یەکێکی دیکە. لەلایەکی دیکەشەوە، هەمیشە ئەو ئومێدە لە زانست دەکرێت بەوەی بتوانێت چارەسەری نوێ پێشکەش بکات و بە تایبەتیش ئەوەی کە بتوانێت هەنگاوی گەورە لە پرسی وزە بنێت، بە جۆرێک ببێتە شۆڕشێک و سەردەمێکی نوێ لە بەکاربردنی وزەی خاوێن و نوێبووەوە دەست پێ بکات.

## ٣. هەڕەشە ژینگەییەکان لە سەر ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق

### ٣.١. ئاسایشی نیشتیمانی: ناساندن و ڕوونکردنەوەی ئاسایشی نیشتیمانیی هاوچەرخ

ئاسایشی نیشتیمانی چەمکێکی فراوان و فرە ڕەهەندە. پێناسە زاراوەییەکەی بریتییە لە سەلامەتیی دەوڵەت لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکی و ناوخۆییەکان، وەک هەڕەشەی جەنگ، تیرۆر، سیخوڕی و ئاژاوە و ناسەقامگیری. بە واتا کلاسیکییەکەی، ئاسایشی نیشتیمانیی واتە توانای سەربازیی دەوڵەت لە دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی خاک، خەڵک، ئابوری و دامەزراوەکانی لە هەر هەڕەشە و نیگەرانییەکی دەرەکی و ناوخۆیی (بڕوانە: Longley, 2021). لە پێناسە کلاسیکەکەکاندا، توانا سەربازییەکانی دەوڵەت لە پێناو بەرگریکردن لە خۆشگوزەرانیی هاولاتیان چەقی بابەتەکەیە؛ واتە دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتیمانی پێویستیی بە هێزێکی سەربازیی بەتوانا هەیە کە بتوانێت خۆشگوزەرانیی هاولاتیان بپارێزێت. هەڵبەت، پێناسەکردنی ئاسایشی نیشتیمانی لە دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، بە گوێرەی جۆری سیستەمە سیاسییەکەی، جیاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا، بە زۆری وڵاتان پارێزراویی سەروەریی دەوڵەت، یەکپارچەیی خاک، یەکگرتوویی گەل، کارامەدیی حکومەت و دامەزراوە نیشتیمانییەکان، بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت و پارێزراویی لە هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئاسایشی نیشتیمانی دەزانن.

ئەمڕۆکە ئاسایشی نیشتیمانی، تەنیا پەیوەندیی بە ئاسایشی کلاسیکی و هێزی سەربازیی دەوڵەتەوە نیە، بەڵکو بابەتێکی فراوانترە و زۆر بابەتی دیکە لە خۆ دەگرێت؛ گرنگترینیان ئەمانەن: (بڕوانە: Longley, 2021 و Osisanya, 2023).

**یەکەم**: ئاسایشی ئابووری: بریتییە لە ڕەخساندنی هەلی کاری پێویست، دابینکردنی خۆشگوزەرانی و گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژاری، گەندەڵی و دواکەوتوویی.

**دووەم**: ئاسایشی خۆراک: واتە، گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی برسیەتی و سیاسالّی و هەروەها بەردەستکردنی خۆراکی باش و پێویستە بۆ هەمووان لە هەر کاتێک کە پێویستیان پێی هەبێت.

**سێیەم**: ئاسایشی تەندرووستی: مەبەست لێی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی، خۆراکی خراپ، بەدخۆراکی و دابینکردنی چاودێریی تەندرووستییە.

**چوارەم**: ئاسایشی ژینگەیی: ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکانی پەیوست بە گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوەی، وەک پیسبوونی ژینگە، نەخۆشییە سرووشتییەکان، خراپبوونی سەرچاوەکان و تێکچوونی ژینگە بە گشتی.

**پێنجەم**: ئاسایشی تاکەکەسی: گرتنەبەری ڕێوشوێنە بەرامبەر بە توندوتیژی جەستەیی، تاوان، تیرۆر، توندوتیژی ناوخۆیی و کارکردن بە منداڵان و دابینکردنی پێویستییەکانی گەشەدانە بە توانا کەسییەکان، وەک پەروەردە و فێرکردن.

**شەشەم**: ئاسایشی کۆمەڵ: ڕووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە هەڕەشەیەکە کە بکرێتە سەر سەقامگیریی وئاشتەوایی کۆمەلایەتی، وەک هەر گرژییەک کە لە نێوان پێکهاتە و شوناسە ئایینی و ئیتنییەکانی کۆمەڵدا ڕوو بدات.

**حەوتەم**: ئاسایشی سیاسی: ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکوتکاری و چەوساندنەوەی سیاسیی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها دابینکردنی سەقامگیری و گەشەسەندوویی سیاسی و ئازادییە گشتییەکانە.

**هەشتەم**: ئاسایشی وزە: دابینکردنی سەرچاوەی وزە بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و جەختکردنەوە لە سەر بەردەوامیی دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانی وزە، لەگەڵ کارکردن بۆ پەیداکردنی وزەی خاوێن و نوێبووەوە.

**نۆیەم**: ئاسایشی ئەلکترۆنی: پاراستنی هاوڵاتیان، کۆمپانیاکان و دامەزراوەکانی دەوڵەتە لە هەر جۆرە هەڕەشەیەکی ئەلکترۆنی کە بکرێتە سەر بەرژەوەندییەکانیان، جا سەرچاوەکەی ناوخۆیی بێت یان دەرەکی.

**دەیەم**: بابەتی دیکە: بە بۆنەی پێشکەوتنە هەمەجۆرەکانی بواری تەکنۆلۆژیا و زانیاری، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بابەتی ئاسایش و ئاسایشی نیشتیمانی لە فراوانبوونی زیاتردایە و بەردەوام ڕووبەری مەیدانی کاری ئەم بابەتە فراوانتر دەبێت.

لێرەدا و بە سەرنجدان لە کەیسی عێراق، فۆکەسی زیاتر لە سەر ئەو ڕەگەزانەی ئاسایشی نیشتیمانییە کە ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەکەونە بەر هەڕەشەی گۆڕانکارییەکانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی؛ وەک: ئاسایشی خۆراک، سەقامگیری کۆمەڵایەتی، سەقامگیریی سیاسی و هێزی مرۆیی وڵات.

### ٣.٢. ئاسایشی خۆراک لە ژێر هەڕەشەی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەویدا: عێراق

نەتەوە یەکگرتووەکان، لە لوتکەی جیهانیی خۆراک لە ڕۆما، ١٩٩٦، بەم جۆرە پێناسەی ئاسایشی خۆراک دەکات: "ئاسایشی خۆراک کاتێک هەیە کە هەموو خەڵک، لە هەموو کاتێکدا، دەستگەیشتنی فیزیکی و ئابوورییان بۆ خۆراکی باش، تەندرووست و پێویست هەبێت، بە جۆرێک کە پێداویستییە خۆراکییەکانیان پڕ بکاتەوە و خۆراکێک بێت کە بۆ ژیانێکی چالاک و تەندرووست بشێت" (World Food Summit, 1996).

لەم پێناسەیەوە، کە کۆکبوونێکی گشتیی لە سەر هەیە، دەتوانرێت چوار بنەمای سەرەکیی بۆ ئاسایشی خۆراک دیاری بکرێن، ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم**: بەردەستبوونی خۆراک: واتە بڕی پێویست لە خۆراک بۆ دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییەکان، بە کوالیتیی باشەوە بەردەست بێت.

**دووەم**: دەستگەیشتن بە خۆراک: واتە هەموو کەسێک بتوانێت دەستی بە بڕە خۆراکی باش و پێویست بگات و لەمەدا هیچ جۆرە ڕێگرییەکی فیزیکی، ئابووری، سیاسی یان یاسایی نەبێت.

**سێیەم**: سودوەرگرتن لە خۆراک: واتە بارودۆخێک هەبێت کە هەموو کەسێک بتوانێت بە گوێرەی ڕژێمی خۆراکیی گونجاو سود لەو خۆراکە ببینێت کە بە دەستی هێناوە؛ ئەمەش لە ڕێگەی بوونی ئاوی خاوێن، کەلوپەلی خاوێنی، چاودێریی تەندرووستی و پێداویستییە ناخۆراکییەکانی دیکە.

**چوارەم**: سەقامگیریی خۆراک: واتە دانیشتوان دڵنیا بن لەوەی کە هەمیشە دەتوانن دەستیان بە خۆراکی باش و پێویست بگات و مەترسیی لەدەستدانی لەناکاوی خۆراک لە بەر هەر هۆکارێک بێت، لە ئارادا نەبێت.

سەبارەت بە عێراق، لێکەوتە و کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی هەڕەشەیەکی جیدییان لە سەر ئاسایشی خۆراک، وەک بەشێک لە ئاسایشی نیشتیمانی، درووست کردووە. لێکەوتەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی لە سەر زۆر کەرت بە دیار کەوتوون؛ لەوانە: نەشیاوبوونی ئاوی خواردنەوە و کەمبوونی ئاوی ئاودێری، کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، وشکبوونی ڕووبارەکان و کەمبوونەوەی گەشتیاری، وشکبوونی کێڵگە و دارستانەکان و زیادبوونی بەبیابانبوون، چۆڵکردنی گوندەکان و کۆچکردن بۆ شارەکان و زۆر بابەتی دیکە. هەموو ئەم کاریگەری و لێکەوتانەش بە تەنیا لە چوارچێوەی بەرتەسکی خۆیاندا قەتیس نامێننەوە، بەڵکو بۆ کاریگەرییەکانیان درێژ دەبنەوە و کاریگەریی نەرێنی لە سەر زۆر لە بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دادەنێن کە پەیوستن بە ئاسایشی نیشتیمانیی وڵاتەوە.

کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی، سەبارەت بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا لە عێراق، ئاماژە بەوە دەکات کە بە هۆی گەرمای توند و وشکەساڵی، جوتیارانی عێراقی ڕووبەڕووی دابەزینی ئاستی بەرهەمەکانی دانەوێڵە بوونەتەوە. ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان. بە گوێرەی کورِبەندەکە، لە شارەکان هەلی کار کەمە و جوتیارەکان لەوێش ڕووبەڕووی بێکاری دەبنەوە. کۆڕبەندەکە بە پشتبەستن بە داتاکانی دامەزراوەی خۆراکی جیهانیی سەر نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە عێراق باس لە گرنگیی ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی دەکات بە جۆرێک کە بتوانرێت ئەو جۆرانە لە دانەوێڵە بچێندرێت کە زیاتر بەرگەی کەمئاوی دەگرن. ئەمە سەرەڕای گرنگی بایەخدان بە شێوازی ئاودێری (World Economic Forum, 2022).

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی دەروازەی هاوکاری (Aid Gate Organization)، کاریگەرییەکان گۆڕانی ئاوهەوا لە عێراقدا بە ئاشکرا بە دیار کەوتوون. ئەم کاریگەرییانە زیاتر لە سێکتەرە گرنگەکانی وەک کشتوکاڵ، ئاو، ئابووری، تەندرووستی گشتی و ژینگە دەرکەوتوون

و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر ژیانی عێراقییەکان درووست کردووە. ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەش داوە کە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی ئاوهەوا بە گوێرەی پێویست نییە؛ ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک، لە سەروو هەمووشیانەوە لە بەر پێکدادانە توندوتیژەکان و هەروەهاش لەبەر نەبوونی هەماهەنگیی نێوان وەزارەتەکان. ڕاپۆرتەکە هۆشداریی دەدات لەوەی کە ئەگەر کار لە سەر ئەم بابەتە نەکرێت، ئەوا کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا دەبنە هۆی زیاتربوونی هەژاری و نائارامی و لەوانەشە بە دوای خۆیدا ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی بهێنێت (AGO, 2023).

لە لایەکی دیکەوە، ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی ( US Agency for International Development) لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە عێراق پێنجەم لاوازترین وڵاتە لە بەرگەگرتن بەرامبەر بە گۆڕانی ئاوهەوا. هاوکات باس لەوە دەکات کە کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و مەترسییە ژینگەییەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان کردووەتە سەر سەقامگیری و گەشەسەندویی وڵاتەکە (USAID, 2023).

هەروەها، ڕاپۆرتێکی گرووپی بانکی جیهانی، سەبارەت بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا لە عێراق، ئاماژە بەوە دەدات کە گۆڕانی ئاوهەوا کێشەی کەمیی ئاوی خواردنەوەی قووڵتر کردووەتەوە و بووەتە هەڕەشەیەکی جیدی لە سەر گرێبەستی کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە کە خۆی گرێبەستێکی لاواز و لەرزۆکە. جیا لەمە ئاماژە بە کاریگەرییەکانی بۆ سەر دۆخی ئابووری کراوە کە ئابوورییەکی پشتئەستوورە بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت ( World Bank Group, 2022).

بە گوێرەی داتایەکی پرۆگرامی ژینگەی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق لە پلەی سی و نۆیەمی وڵاتانی جیهاندایە بۆ گوشار و کاریگەرییەکانی کەمئاوی و هەر بەم بۆنەیەشەوە ساڵانە نزیکەی سەد هەزار دۆنم لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی لەدەست دەدات. ئەم

گۆڕانە ژینگەییانەش تا دێت لە عێراق زیاتر دەبن و ساڵی ٢٠٢١ وشکترین ساڵی ئەو وڵاتە بووە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا. هاوکات یەدەگی ئاوی عێراق بۆ نیوە کەم بووەتەوە و ئەگەری وشکبوونی یەکجارەکیی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات لە ئارادایە. هەر بە گوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم کێشانە لە کاتێدادان کە نادڵنیایی سیاسیی کێشەی زیاتری بۆ ئیدارەدانی ئالینگاریی ژینگەییاکان درووست کردووە. سەبارەت بە بەرهەمە کشتاکاڵییەکانیش، بە گوێرەدی داتایەکی حکومەتی عێراقی، کە ساڵی ٢٠٢١ لە ٧ پارێزگای عێراق کۆکراوەتەوە، ٣٧%ی جوتیارانی گەنم و ٣٠%ی جوتیارانی جۆ دوچاری کەمیی بەرهەم و کەمیی داهات بوونەتەوە. ئەمە سەرەڕای کێشەکانی دیکەی پەیوەست بە وشکەساڵی و خوڵبارین کە کاریگەریی لە سەر ژیانی ئاژەڵی و مرۆیی داناوە. بە جۆرێک کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر چوار ملیۆن دانیشتوی ناوچەکانی پارێزگای بەسرە هەبووە (IFRC, 2022).

بە شێوەیەکی گشتی، گۆڕانی ئاوهەوا کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ئاسایشی خۆراک لە زۆر لە وڵاتانی جیهان، لە ناویشیاندا عێراق، درووست کردووە. ئەمەش لە ڕێگەی دانانی کاریگەریی نەرێنی لە سەر بڕ و جۆری بەرهەم و هەروەها بەرهەمهێنەران کە بەم شێوەیەش کاریگەرییەکە بۆ سەر بەکاربەرانیش گوازراوەتەوە. بە گشتی عێراق بە یەکێک لەو وڵاتانە دادەنرێت کە داهاتووی ئاسایشی خۆراک تیایدا نادیارە و هەڕەشەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی لە سەر ئاسایشی خۆراک و لەوێشەوە بۆ سەر کۆی ئاسایشی نیشتیمانی هەڕەشەی جیدن کە لە ئێستاوە لێکەوتەکانیان بە دیار کەوتوون (بڕوانە: WFP, 2015).

### ٣.٣. ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسیی عێراق لە ژێر هەڕەشەی گۆڕانی ئاوهەوادا

بە شێوەیەکی گشتی، توێژینەوە و بیردۆزە سیاسییە جیاوازەکان عێراقی ئەمڕۆکە بە وڵاتێکی لاواز، بەرگەنەگر یان شکستخواردو وەسف دەکەن. هۆکاری ئەمە بۆ هەموو ئەو قۆناغە سەختانە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتی عێراقی لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی خۆیدا ئەزموونی کردووە؛ وەک: داگیرکاریی و ئینتیداب، کودەتا، بەعسیزم، دیکتاتۆری، چەوساندنەوە و سەرکوتکردن، شەڕ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، هێرشەی سەربازی، شەڕی ناوخۆیی، داگیرکاریی نوێ، نائارامی، شەڕی ناوخۆیی و تائیفی، تیرۆر، ناسەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، گەندەڵی و گۆڕانی ئاوهەوا. هەموو ئەم ڕووداوانە، لە بە نزیکەیی هیچکامیان بە تەواوەتیی تێنەپەڕێندراون، وایانکردووە عێراق هێشتا گیرۆدەی شوێنەوارەکانیان بێت و لانیکەم لە قۆناغی دوای ئەو نائارامییانەدا بێت، بێ ئەوەی سێبەری نائارامییەکان بە تەواویی ڕەوی بێتەوە. هەر بۆیە، عێراقی ئێستا وڵاتێکە بە دەست دەیان کێشەی جۆراوجۆرەوە دەناڵێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، بە هەوڵی ناوخۆی و نێودەوڵەتی، هەوڵی دووبارە بونیاتنانەوەی دەدرێت، بەڵام نەتوانراوە بە جۆرێک بونیات بنرێتەوە کە بنەماکانی هێز تیایدا چەسپاوتر بن و دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی بەهێزی تێدا درووست بکرێت. تەنانەت، بە پێچەوانەشەوە، سەرهەڵدانی کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی و تەنگەژەی سیاسیی، وەک دەرئەنجامی ڕووخانی دیکتاتۆریەت و هەوڵی بونیاتنانی دیموکراسی، بوونەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا و دەوڵەتی عێراقی لە هەرکاتێکی دیکە بەرامبەر بە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی نوێ، وەک کێشەکانی پەیوەست بە گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی، لاوازتر بێت.

جیا لەم هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە، چەندین هۆکاری دیکەی بابەتیی پەیوەست بە ژینگە هەن کە وا دەکەن توانای بەرگەگرتنی عێراق لە بەرامبەر لێکەوتەکانی گۆڕانی ئاوهەوا کەمتر بێت. لەوانە، لە ڕووی جیوگرافییەوە: عێراق وەک ناوچەیەکی جیوگرافیی دیارییکراو لە ژێر هەڕەشەی ڕاستەوخۆی لێکەوتەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەویدایە بە جۆرێک کە بەر کارەساتە سرووشتییەکانی وەک لاوفاو، وشکەساڵی و خۆڵبارین دەکەوێت؛ لە ڕووی ئیداریی دەوڵەتییەوە: پشتبەستنێکی زۆری بە سەرچاوە سرووشتییەکان هەیە کە پشتبەستنێکی ناشارەزایانەیە و دواکەوتووانەیە؛ لە ڕووی ئابوورییەوە: کەمترین توانای بەرگەگرتن و خۆڕاهێنانی لەگەڵ گۆڕانە ژینگەییەکان هەیە و گەندەڵیی ئیداری و دارایی کاریگەریی نەرێنی هەیە. هەڵبەت، هەموو ئەم هۆکارانە پەیوەندییان هەیە بە هۆکارەکانی دیکەی وەک ململانێ و ناکۆکییە توندوتیژە کۆمەڵایەتی و ئیتینییەکان، هەژاری، نەخوێندەوای و ناهۆشیاری، ناسەقامگیریی سیاسی و گەندەڵی (NUPI, 2022 و CIVIC, 2022).

لە ڕاستیدا، کێشە و هۆکارە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان وا دەکەن کاریگەری و لێکەوتەی گۆڕانکانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی لە سەر عێراق قووڵتر و فراوانتر بن. ئەم کاریگەرییانە لە جیوگرافیاوە بۆ ئاسایشی خۆراک و لەوێشەوە بۆ ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵات دەگوازرێنەوە. کاناڵی سەرەکیی گوێزانەوەی ئەم کێشە جیوگرافییانە بۆ ناو مەیدانی کۆمەڵگا و سیاسەت، بە پلەی یەکەم کۆچکردنە. لە عێراقی ئەمڕۆدا، کۆچکردن لە بەر کاریگەری و لێکەوتەکانی گۆڕانەکانی ئاوهەوا، وەک وشکەساڵی، بە شێوەیەکی بەرچاو بە دیار کەوتووە (بڕوانە: IOM-Iraq, 2022). ئەم کۆچکردنە کاریگەریی لە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای عێراقی درووست دەکات و دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی بە دوای خۆیدا دێنێت. لە دیارترین کاریگەرییەکانی کۆچکردن لە گوند و کێڵگە کشتوکاڵییەکانەوە بۆ شارەکان بریتییە لە: زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شار کە ئەمەش بە دوای خۆیدا ئاستەنگ

بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان درووست دەکات؛ بەر یەک کەوتنی کولتووری کە بە هۆیەوە توندوتیژیی ناوخێزان ونائارامیی ناو کۆمەڵ زیاتر دەکات؛ کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنای خۆراک و بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری.

جۆرێکی دیکە لە کۆچ بریتییە لە کۆچکردن لە ناوچە گەرم و وشکەکانەوە بۆ ناوچە کەمتر گەرم و کەمتر وشکەکان. ئەم جۆرە کۆچە، لە بەر تایبەتمەندیی و دابەشبوونی جیوگرافیی پێکهاتەکانی عێراق، گۆڕانی دیموگرافی بە دوای خۆیدا دێنێت و ئەگەری پێکدادانی توندوتیژ، تا ڕادەی شەڕی ناوخۆ، لە نێوان پێکهاتەکاندا درووست دەکات. لە عێراقدا، شەپۆلی کۆچکردن بە زۆری لە ناوچە باشوورییە شیعەنشینەکانەوە بۆ ناوچە ناوەڕاستییە سوننەنشینەکان و لەوێشەوە بۆ ناوچە باکوورییە کوردنشینەکانە. ئەم شەپۆلانەی کۆچ کاریگەرییان لە سەر گۆڕانی دیموگرافی دەبێت. لەوانەیە ئەم گۆڕانە دیموگرافییە لە دوورمەودادا ببێتە هۆی بەهێزبوونی شوناسی عێراقیبوون لە ناو گەلانی عێراقدا و کۆتایی بە دابەشکاریی جیوگرافیی پێکهاتەکان بهێنێت و بەمەش مەترسییەکانی دابەشبوونی عێراق بۆ سێ دەوڵەت بگەیەنێتە لاوازترین ئاست. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر پێکهاتەکان نەتوانن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەم کۆچکردنەدا بەرامبەر بە یەکدی لێبوردە بن و لەگەڵ یەکدی هەڵ بکەن، ئەوا بەریەککەوتن و پێکدادانی توندوتیژانەی لێدەکەوێتەوە و ناسەقامگیرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان زیاتر دەکات.

بە گوێرەی داتای ئاژانسەکانی سەر بە ڕێکخرای نەتەوە یەکگرتووەکان، لە عێراقدا بارین کەمتر بووە، پلەی گەرما بەرزتر بووە، وشکەساڵی توندتر بووە و هەروەها کەمیی ئاوی خواردنەوە و دووبارەبوونەوەی خۆڵبارین و لافاوی لەناکاو بوونەتە دیاردەی دووبارەبووەوە. لە تەنیشت ئەمانەوە، سیاسەتی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی ڕووبارەکان و سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ژمارەی دانیشتوان لە عێراق بە خێرایی لە هەڵکشاندایە و زیاتر پەیڕەویی لە ژیانی شارنشینی دەکرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە، لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بە شێوەیەکی نادرووست کەڵک لە ئاو وەردەگیرێت و لەگەڵ ئەوەدا کە پێویستیی زۆریان بە ئاو هەیە، بەڵام برێکی زۆری لێ بە فیرۆ دەدرێت. بە گوێرە ڕاپۆرتێکی لقی عێراقی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی، هەر لە بەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا، تەنیا لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢١دا، نزیکەی بیست هەزار کەس لە بەر هۆکارەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ئاو وەک کەمیی ئاو و خراپیی کوالیتییەکەی، ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە و کۆچیان کردووە. ڕێکخراوەکە ئاماژە بەوە دەدات کە کۆچ لەبەر هۆکاری گۆڕانی ئاوهەوا لە عێراقدا بووەتە دیفاکتۆ. هاوکات ئەنجوومەنی نەرویجی بۆ کۆچبەران بە گوێرەی داتایەک ئاشکرای کردووە کە لە هەمان ساڵدا، واتە ٢٠٢١، لە هەر ١٥ خێزانێکی ناوچەکانی بەرکەوتەی وشکەساڵی، کەسێکیان ناچار بووە بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی کاردا، شوێنی خۆی بەجێبهێڵێت. لەگەڵ زیاتربوونی کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا، ئەگەری کۆچکردن بەهێزتر دەبێت (IOM Iraq, 2022).

هەمووکات ئەم کۆچکردنە لە چوارچێوەی ناوخۆی وڵاتدا نامێنێتەوە، بەڵکو لێکەوتە و کاریگەرییەکانی گۆڕانەکانی ئاوهەوا دەبنە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ جۆرێکی دیکە لە کۆچ کە کۆچکردنە بۆ دەرەوەی وڵات. ئەمە بە زۆری کۆچکردنە لەو وڵاتانەوە کە زیاتر کەوتوونەتە بەرهەڕەشەی گۆڕانی ئاوهەوا و کەمتر توانای ڕووبەڕووبوونەوە و خۆگونجاندنیان لەگەڵ دۆخە نوێیە نەخوازراوەکاندا هەیە. بە شێوەیەکی گشتی، شەپۆلی جیهانیی کۆچ بە هۆکاری گۆڕانی ئاوهەوا زیاتر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتەوەیەوە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا (بڕوانە: Prange, 2022). ئەم کۆچکردنەش، هاوشێوەی شەپۆلەکانی دیکەی کۆچ کە بە هۆی جەنگ و برسییەتی و تیرۆرەوە بووە، لێکەوتەی نەرێنیی گەورەی لێدەکەوێتەوە. تەنانەت دەشێت کێشەکانی پەیوەست بە کۆچ بە هۆی گۆڕانی ئاوهەوا، بە راورد بە کۆچ بە هۆکاری دیکە، گەورەتر بن، چونکە لەم دۆخەدا وڵاتی میوانیش هاوشێوەی وڵاتانی دیکە لە کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی

بەدەر نییە. بۆنموونە، ئەگەر کەسێک لە عێراقەوە لەبەر وشکەساڵی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچ بکات، دەبینێت کە لەوێش کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی لە شێوەی دیکەی وەک بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاکان و هەڵکردنی زریانی توند بە دیار کەوتوون (National Assessment Synthesis Team, 2000; and US Global Change Research Program, 2009). جیا لەو کاریگەرییانەی کە کۆچ بۆ دەرەوە لە سەر وڵاتی میوان دایدەنێت، وڵاتی یەکەمیش لە لێکەوتەکانی ئەو کۆچکردنە بە دەر نییە. لە گەورەترینی کاریگەرییە نەرێنییەکانیش بریتییە لەوەی کە بەم هۆیەوە هێزی مرۆیی عێراقی بۆ دەرەوە دەگوازرێتەوە و ئەمەش کەمبوونەوەی هێزی مێشک و هێزی بازوو و هەروەها لاوازبوونی سەرمایەی مرۆیی لێدەکەوێتەوە.

هەموو هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نیشتیمانی پەیوەست بە هۆکاری گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی سەرچاوە و لێکەوتەکانیان ناوخۆیی نین، بەڵکو هەندێکیان دەرەکین. لەم چوارچێوەیەدا، هەروەک چۆن دەشێت لە بەر کاریگەریی و لێکەوتەکانی گۆڕانە ژینگەییەکان شەڕی ناوخۆ ڕوو بدات، بە هەمانشێوەش ئەگەری ڕوودانی شەڕی نێودەوڵەتی بە هۆکار و پاڵنەری ژینگەییەوە لەئارادان. لەم چوارچێوەیەدا، بەشێک لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لەو باوەڕەدان کە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ئاو و ژینگەی عێراق بریتییە لە کەمکردنەوەی بڕی ئاوی دیجلە و فورات لەلایەن وڵاتانی دراوسێی عێراقەوە (CIVIC, 2022). لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە مەترسی و هەڕەشانە، تەنیا لە چوارچێوەی بابەتە ژینگەییەکاندا نامێنێتەوە، بەڵکو ڕێی تێدەچێت بە دوای خۆیدا نائارامی سیاسیی نێودەوڵەتی و تەنانەت شەڕی نێوان دەوڵەتانی لێ بکەوێتەوە. بە واتایەکی دیکە، هەروەک چۆن ئەگەری شەڕی نێوان پێکهاتەکانی عێراق لە سەر خاک و ئاو ئەگەرێکی کراوەیە، بە هەمانشێوەش ئەگەری ڕوودانی شەڕ لە نێوان عێراق و دراوسێکانی بە هەمان هۆ، ئەگەرێکی کراوەیە. تەنانەت، لە ئەگەر ڕوونەدانی شەڕیشدا، ئەو

مەترسییە ژینگەییانەی کە سەرچاوەکەیان لە دەرەوەی عێراقە، هەر کاریگەریی نەرێنییان لە ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق دەبێت.

### ٤. ئەنجام و ڕاسپاردە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێک بوو بۆ کۆکردنەوە و شیکاری کۆمەڵێک داتای پەیوەست بە پرسی کاریگەریی گۆڕانی ئاوهەوا لە سەر ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق. لەم چوارچێوەیشدا، توێژینەوەکە پەردەژایە سەر باسکردنی چەند بابەتێکی پەیوەست وەک ناساندنی چەمکەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی و هەروەها خستنەڕووی هۆکار و کاریگەری و چارەسەرییەکان. بە هەمانشێوە، توێژینەوەکە هەوڵی ناساندی چەمکی ئاسایشی نیشتیمانی داوە و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئاسایشی نیشتیمانیی هاوچەرخی باس کردوون. زیاد لەمە، فۆکەسی زۆرتری خستووەتە سەر ئاسایشی خۆراک، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسیی. هەموو ئەمانەشی بە سەر عێراقی هاوچەرخدا پیادە کردوون. توێژینەوەکە گەشتووەتە کۆمەڵێک ئەنجام، گرنگترینیان:

**یەکەم**: پرسی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی بە تەنیا پرسێکی جیولۆجی نییە، بەڵکو فرەڕەهەندە و پەیوەندییەکی توندی لەگەڵ بابەتە سیاسییەکان و بە تایبەتیش بابەتی ئاسایشی نیشتیمانیدا هەیە. ئەمەش لەبەرئەوەی بەشێکی بەرچاو لە هۆکارکان و بە هەمانشێوەش لێکەوتەکانی ئەم پرسە لە بەر هۆکارە مرۆڤکردەکانە کە لە دەرەوەی بازنەی جیۆلۆجیدایە.

**دووەم**: ئاسایشی نیشتیمانیی هاوچەرخ بە تەنیا لە چوارچێوەی هێز و توانای سەربازیی دەوڵەتدا کورت ناکرێتەو، بەڵکو ئەمرۆکە بە نزیکەیی هەموو شت، لە ناویشیدا ئاسایشی خۆراکی

تاک و کۆمەڵ، بەشێکن لە ئاسایشی نیشتیمانی. هاوکات، فراوانبوونی بازنەی ئاسایشی نیشتیمانی بووەتە هۆی ئەوەی کە بەنزیکەیی هەموو شت، بە دڵنیاییش گۆڕانە ژینگەییەکان، ببێتە هەڕەشە.

**سێیەم**: کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی بە زۆری لە ڕێگەی دیاردەی کۆچەوە لە بازنەیەکی کاریگەرییەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە. دیاردەی کۆچ دەشێت لە گوندەوە بۆ شار، لە ناوچەکانی باشوورەوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور یان لە عێراقەوە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا بێت. کە هەر یەک لەم جۆرە کۆچکردنانە کاریگەریی جۆراوجۆر بە دوای خۆیدا دێنێت.

**چوارەم**: ئەمڕۆکە ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق، بە هۆکاری کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی، بە تایەتیش لەبەر وشکەساڵی، لە بەردەم هەڕەشەی گەورەدایە کە دەشێت ئەم هەڕەشانە وڵات تا لێواری شەڕی ناوخۆ ببەن.

**پێنجەم**: سەرچاوەی بەشێک لە هەڕەشە ژینگەییەکانی سەر عێراق لە دەرەوەی عێراقدان و پەیوەستن بە کەمکردنەوەی ڕێژەی بەردانی ئاوی ئەو ڕووبارانەی کە لە وڵاتانی دراوسێوە دەڕژێنە ناو خاکی عێراق. ئەمەش جیا لە گرفتە ژینگەییەکان، کێشەی یاسایی و سیاسیی بە دوای خۆیدا دێنێت کە ئەگەر ئاشتییانە چارەسەر نەکرێن، لەوانە تا لێواری شەڕی نێودەوڵەتی درێژ ببنەوە.

لە کۆتاییدا، پێشنیاز دەکرێت کە فۆکەسێکی زانستی، پەروەردەیی و تەنانەت میدیایی بخرێتە سەر باسەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی و لەم ڕێگەیەوە هۆشیاریی پێویست بڵاو بکرێتەوە. هەروەها گرنگە هانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی پەیوەست بەو بابەتە، لە

قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنی بەرایی و خوێندنی باڵای زانکۆکان، بدرێت. بەو پێیەی هەڕەشەی ژینگە هەڕەشەیەکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنەیە، گرنگە لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا بە هەمان میتۆد کار بکرێت و پەنا بۆ هەر بابەتێک ببرێت کە بتوانرێت بە هۆیەوە کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا کەم بکرێنەوە و پرۆسەی گەرمبوونی زەوی خاو بکرێتەوە. هاوکات، مادام لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گۆڕانە ژینگەییانە ئەوەیە کە پرسگەلێکی جیهانین، بۆیە پێویستە هەوڵ و چارەسەرەکانیش تایبەتمەندیی جیهانییان تێدا بێت؛ واتە، جیا لە ئاستە لۆکاڵی و هەرێمییەکان، لە سەر ئاستی جیهانیش کار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم لێکەوتانە بکرێت. سەبارەت بە عێراق، پێویستە ئەم وڵاتە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاوهەوا و گەرمبوونی زەوی تواناکانی خۆگونجاندنی خۆی لەگەڵ لێکەوتە و کاریگەرییە ژینگەییەکاندا بەرز بکاتەوە. ئەمە پرۆسەیەکی گشتگیری بەردەوامە کە هەرشتێک دەگرێتەوە کە ئاسایشی نیشتیمانیی وڵات بەهێزتر بکات؛ وەک: دابینکردنی ئاسایشی خۆراک، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی سیاسیی، چاکسازیی یاسایی و دەستووری، ڕووبەڕووبوونەوەی هەژاری، بێکاری و گەندەڵی.

**سەرچاوەکان**


• AGO (Aid Gate Organization), (2023). Case Study Climate Change Impacts on Livelihoods Food Security and Internal Mobility in Salah Al-Din Governorate. Available online: https://reliefweb.int/report/iraq/case-study-climate-change-impacts-livelihoods-food-security-and-internal-mobility-salah-al-din-governorate

- Boykoff, M., Chandler, P., Church, P., & Osnes, B. (2021). Examining climate change and sustainable/fast fashion in the 21st century:'Trash the Runway'. *Oxford Open Climate Change*, *1*(1), kgab003.

- Britannica (Encyclopædia Britannica), (2023). Global Warming. Available online: https://www.britannica.com/science/global-warming

- CIVIC (Center for Civilians in Conflict), (2022). "IF I LEAVE… I CANNOT BREATHE": Climate Change and Civilian Protection in Iraq. Available online: https://civiliansinconflict.org/wp-content/uploads/2022/07/CIVIC_Iraq_ClimateChange_ProtectionofCivilians.pdf

- Connell, K. Y. H., & LeHew, M. L. (2020). Fashion: An unrecognized contributor to climate change. *The dangers of fashion: Towards ethical and sustainable solutions*, 71.

- Earth Home, (2023). Natural Causes of Climate Change Online: https://earthathome.org/de/what-is-climate/natural-causes/

• EU (European Union), (2023). Causes of climate change. Online: https://climate.ec.europa.eu/climate-change/causes-climate-change_en#causes-for-rising-emissions

• Green Peace, (2023). What are the solutions to climate change? Online: https://www.greenpeace.org.uk/challenges/climate-change/solutions-climate-change/

• IFRC (The International Federation of Red Cross and Red Crescent Societies). (2022). Iraq: Droughts - Operation Update. Available online: https://reliefweb.int/report/iraq/iraq-droughts-dref-operation-ndeg-mdriq013-operation-update-ndeg-1#:~:text=Reduced%20river%20water%20levels%20in,agricultural%20land%20and%2030%2C000%20trees.

• IOM Iraq, (2022). *Migration, Environment, and Climate Change in Iraq*. International Organization for Migration (IOM). Available online: https://iraq.un.org/sites/default/files/remote-resources/079bd27fc79b4084e48157653d335c8f.pdf

- IOM-Iraq (The International Organization for Migration-Iraq), (2022). Migration, Environment, and Climate Change in Iraq. Available online: https://iraq.un.org/en/194355-migration-environment-and-climate-change-iraq

- Lammi, M., Repo, P., & Timonen, P. (2013). Consumerism and citizenship in the context of climate change. In *Citizen participation in global environmental governance* (pp. 141-154). Routledge.

- Longley, Robert (2021). National Security Definition and Examples. Online: https://www.thoughtco.com/national-security-definition-and-examples-5197450

- NASA (National Aeronautics and Space Administration), (2023). Global Warming vs. Climate Change. Online: https://climate.nasa.gov/global-warming-vs-climate-change/

- National Assessment Synthesis Team. (2000). Climate Change Impacts on the United States-Overview Report: The Potential Consequences of Climate Variability and Change.

- NRDC (the Natural Resources Defense Council) (2023). What Are the Causes of Climate Change? Online: https://www.nrdc.org/stories/what-are-causes-climate-change#natural

- NUPI (Norwegian Institute of International Affairs), (2022). Climate, Peace and Security Fact Sheet Iraq. Available online: https://reliefweb.int/report/iraq/climate-peace-and-security-fact-sheet-iraq-april-2022

- Osisanya, Segun (2023). National Security versus Global Security. Online: https://www.un.org/en/chronicle/article/national-security-versus-global-security#:~:text=National%20security%20has%20been%20described,this%20confine%20of%20national%20security

- Prange, Mia (2022). Climate Change Is Fueling Migration. Do Climate Migrants Have Legal Protections? Online: https://www.cfr.org/in-brief/climate-change-fueling-migration-do-climate-migrants-have-legal-protections

- Scientific American, (2023). 10 Solutions for Climate Change. Online: https://www.scientificamerican.com/article/10-solutions-for-climate-change/

- UNCA, (United Nations Climate Action), (2023). Causes and Effects of Climate Change. Online: https://www.un.org/en/climatechange/science/causes-effects-climate-change

- UNFCCC (United Nations Framework Convention on Climate Change), (1992). United Nations Framework Convention on Climate Change. available online: https://unfccc.int/resource/ccsites/zimbab/conven/text/art01.htm

- US Global Change Research Program. (2009). *Global climate change impacts in the United States*. Cambridge University Press.

- USAID (US Agency for International Development), (2023). Sustainable Solutions to Combat Climate Change in Iraq. Available

online: https://reliefweb.int/report/iraq/sustainable-solutions-combat-climate-change-iraq

- WFP (World Food Programme), (2015). Food in an uncertain future: The impacts of climate change on food security and nutrition in the Middle East and North Africa. available online: https://www.preventionweb.net/files/46974_46974odiwfpimpactofcconfnsinmena201.pdf

- World Bank Group, (2022). Iraq: Country Climate and Development Report. Available online: https://reliefweb.int/report/iraq/iraq-country-climate-and-development-report-november-2022-enar

- World Economic Forum, (2022). Climate change-related losses are driving the migration of farmers in Iraq. Online: https://www.weforum.org/agenda/2022/04/iraq-farmers-drought-and-heat-food-security-climate-change

• World Food Summit, (1996). Rome Declaration on World Food Security. Available online: https://www.fao.org/3/w3613e/w3613e00.htm

# تأثير تغير المناخ على الأمن القومي: حالة العراق

**أ. م. د. هوشنك دارا حمه أمين**

قسم العلاقات الدولية والدبلوماسية،

كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين – أربيل.

hoshang.dara@su.edu.krd

**الملخص**

اليوم، تركز العلوم السياسية على تغير المناخ كموضوع مهم ومعاصر. والسبب الرئيسي لذلك، إلى جانب التأثيرات المتزايدة لتغير المناخ، هو قدرة التغيرات الجغرافية على التأثير في مبادئ السياسة والسلطة والدولة. الأمن القومي هو أحد القضايا التي تتأثر بشكل مباشر وتهدد بالتغيرات البيئية التي لا يمكن للدول أن تكون لامبالية بها. وأهم هذه التهديدات هي تلك التي تؤثر على الأمن الغذائي كجزء من الأمن القومي. وهذا يؤدي إلى الهجرة التي تسبب تغييرات كبيرة على المستوى المحلي، مثل التغيرات الديموغرافية وتغيير التصميم السياسي للانتخابات وتأثيرها على الأمن الاجتماعي والاستقرار السياسي. بالإضافة إلى ذلك، على المستوى الدولي، يمثل أيضًا تهديدًا للموارد البشرية والهوية الوطنية لمختلف البلدان. فيما يتعلق بالعراق، يشكل تغير المناخ تهديدًا خطيرًا للأمن القومي للعراق، وقد أثر على الزراعة والاقتصاد والأمن الغذائي والأمن الاجتماعي والاستقرار السياسي للبلاد - وهذه الآثار آخذة في الازدياد. تثير هذه الدراسة

تساؤلاً حول كيف يصبح تغير المناخ قضية سياسية ومتصلة بالأمن القومي؟ أما بالنسبة للعراق، فالسوأل هو إلى أي مدى يمكن أن تؤثر هذه التغيرات البيئية على الأمن القومي العراقي؟ تكمن أهمية البحث في أنها تبحث في قضية تأتي في الوقت المناسب مع إظهار العلاقة بين السياسة والجغرافيا. يقترح أنه يجب على الدولة أن تنظر إلى القضايا البيئية على أنها قضايا سياسية وأن تأخذ في الاعتبار تأثير التغيرات البيئية والأوضاع السياسية. المشكلة في إجراء مثل هذه البحوث، والتي هي متعددة التخصصات بطبيعتها، هي كيفية الحصول على النتائج المتعلقة بالعلوم السياسية مع البيانات المتعلقة بالعلوم الجغرافية. ولذلك تهدف الدراسة إلى إخراج قضية التغير المناخي من إطارها الكلاسيكي الضيق وربطها بالحياة اليومية للأفراد والمجتمعات والدولة. بشكل عام، يتم إجراء البحث في مجال العلوم السياسية. يعتمد على مصادر ثانوية ويتبع منهج كيفي.

**الكلمات المفتاحية:** تغير المناخ، الأمن القومي، الأمن الغذائي، الاستقرار، العراق.